# یاقوب دەبێتە ئیسرائیل

پەیدابوون ٢٨–٣٢

لە وانەی ڕابردووماندا، دەربارەی ئەو دووانەیەمان خوێندەوە کە ئیسحاق بوو بە خاوەنی، عیسۆ و یاقوب. عیسۆ بەسووکی تەماشای ئەو بەڵێنانەی دەکرد کە خودا بە ئیبراهیمی باپیری دابوو، و مافی نۆبەرایەتی خۆی بە قاپێك خواردن گۆڕییەوە! سەبارەت بە یاقوبیش، ئەو بەهای بۆ بەڵێنەکانی خودا دادەنا. بەڵام، ئەوە مانای ئەوە نییە کە یاقوب بێ هەڵەیە! ناوی یاقوب بەمانای هەڵخەڵەتێنەر دێت. بۆ ئەمڕۆش، پلانمان وایە لە تەورات بەردەوام بین بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا یاقوبی هەڵخەڵەتێنەر دەگۆڕی و دەیکات بە پیاوی خودا.

یاقوب هەڵخەڵەتێنەرێکی ڕاستەقینە بوو. نووسراوە پیرۆزەکان، کەوا کەم و کوڕی پێغەمبەرانیش ناشارێتەوە، پێمان دەڵێت چۆن یاقوب دوو جار برا گەورەکەی هەڵخەڵەتاند بۆ ئەوەی مافی نۆبەرایەتی لێ بسێنێ. لەبەر ئەمەش بوو عیسۆ لە توڕەییدا، ویستی برا بچووکەکەی بکوژێ. لەپاشان، ڕفقەی دایکیان بەنهێنی بانگی یاقوبی کرد و ئامۆژگای کرد کەوا بڕواتە لای لابانی خاڵی، کەوا لە حاران دەژیا و لەوێ بمینێتەوە هەتاکو تۆڕەیی براکەی دادەمرکێ.

ئێستا، با لە بەشی بیست و هەشتی سیپارەی پەیدابوون بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بزانین چی ڕووی دا لەپاش ئەوەی یاقوب ماڵی
ئیسحاقی باوکی بەجێ هێشت و بەرەو ماڵی خاڵی لابان چوو. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٨) ١٠ ئینجا یاقوب لە
بیری شابەع دەرچوو و بەرەو حاران چوو. ١١ ئیتر ڕێی کەوتە شوێنێک و لەوێ مایەوە، چونکە خۆرئاوا ببوو. بەردێکیشی لە بەردەکانی
ئەو شوێنە هێنا و خستییە ژێر سەری و لەو شوێنەدا ڕاکشا. ١٢ خەوێکی بینی، ئەوەتا پێپلیکانەیەک لەسەر زەوی ڕاگیراوە و سەریشی
لە ئاسمان دەدات و ئەوەتا فریشتەکانی خوداش پێی دا سەر دەکەون و دێنە خوارێ، ١٣ ئەوەتا خوداوەند وەستاوە و فەرمووی: (من
خوداوەندم، خودای ئیبراهیمی باوکت و خودای ئیسحاق. ئەو زەوییەی لەسەری ڕاکشاویت دەیدەمە خۆت و نەوەکەت. ١٤ نەوەکەت
وەک خۆڵی زەوی دەبێت و بەرەو خۆرئاوا و خۆرهەڵات و باکوور و باشوور بڵاو دەبیتەوە. هەموو هۆزەکانی زەویش لە تۆ و نەوەی
تۆوە بەرەکەتدار دەکرێن. ١٥ ئەوەتا لەگەڵتدام و بۆ هەر لایەک بچیت دەتپارێزم، دەشتگەڕێنمەوە بۆ ئەم زەوییە، چونکە وازت لێناهێنم
تاکو ئەوە ئەنجام نەدەم کە پێم فەرمووی.) ١٦ یاقوب لە خەوەکەی خەبەری بووەوە و وتی: (بێ گومان خوداوەند لەم شوێنەدایە،
منیش نەمزانی!) ١٧ ترسیش دای گرت و وتی: (ئەم شوێنە چەند ترسناکە! ئەمە هیچی دیکە نییە ماڵی خودا نەبێت، ئەمەش
دەروازەی ئاسمانە.) ١٨ یاقوب لە بەیانیدا زوو لەخەو هەستا و هێنای ئەو بەردەی لە ژێر سەری خۆی دانابوو بە ئەستوونی ڕاگیری
کرد و زەیتی بەسەردا کرد. ١٩ ئەو شوێنەشی ناو نا بێت ئێل. بەڵام پێشتر شارەکە ناوی (لوز) بوو.

بەو شێوەیە، خودا بۆ یاقوب بەدەرکەوت لە خەوێکدا و بەڵێنی هەمان شتی پێ دا کەوا بە ئیبراهیمی باپیرەی و ئیسحاقی باوکی دابوو — ئەوەش ئەوەبوو، کە بیکات بە نەتەوەیەکی مەزن. لەبەر ئەوە، دەزانین کە میراتی نۆبەرایەتی کە یاقوب لە برا گەورەکەی دزی پێی بەخشرا لەلایەن خوداوە لە کۆتاییدا. یاقوب شایەنی ئەوە نەبوو کە ببێتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە دێتە جیهان. بەڵام، خودا خودای بەزەیی و نیعمەتە، کەوا شتی باش دەبەخشێ بە کەسانێك کە شایەنی نەبن.

یاقوب لە خەوەکەیدا چی بینی؟ نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ئەو: پێپلیکانەیەک لەسەر زەوی ڕاگیراوە و سەریشی لە ئاسمان دەدات و ئەوەتا فریشتەکانی خوداش پێی دا سەر دەکەون و دێنە خوارێ. لە خەوەکەیدا، یاقوب پێپلیکانەیەکی بینی. ئەو پێپلیکانەیەی یاقوب بینی پێپلیکانەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو زۆر درێژ بوو، کە لە زەوییەوە دەگەیشتە ئاسمان و دەچووە لای حزووری خودا!

لە ڕێگای ئەو خەونەی پێپلیکانەیە، خودا بە یاقوبی نیشان دەدا کەوا دەیەوێت پەیوەندییێکی سەرسوڕهێنەر و نزیکی لەگەڵدا ببەستێت. هەروەها خودا ویستی پێی نیشان بدات کەوا ئەو ڕزگاری دەرەی دێتە جیهانەوە وەك ئەو پێپلیکانەیە دەبێت کە لەنێوان زەوی و ئاسماندا دەڕوات — واتا شەفیعی بەینی خودا و مرۆڤ.

تا ئەمڕۆ، زۆر کەس پێیان وایە دەتوانن بە کردەوەی چاکی خۆیان سەرکەونە سەروە و بچنە بەهەشت. بەڵام، ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە تەنها یەك (پێپلیکانەیە) هەیە لەنێوان خودا و مرۆڤدا، ئەو (پێپلیکانەیە) لەلایەن مرۆڤەوە نایەت بەڵکو لەلایەن خوداوە دێت. ئێمەی نەوەی ئادەم، بەهێزی خۆمان هیچ توانای سەرکەوتن و چوونە لای حزووری خودامان نییە. هۆی ئەمەش گوناهەکانمانە و بێ هێزی تەواومانە لە شادکردنی تاکە خودای پارسا. بەڵام خودا کە پڕە لە بەزەیی، لەبەر خۆشەویستییە مەزنەکەی بۆ خەڵك، ڕێگایێکی ڕزگاربوونی بۆ نەوەکانی ئادەم کردۆتەوە.

لەبەر ئەوە، ئەو پێپلیکانەیەی یاقوب بینی لە خەوەکەی هێما و نیشانەی ئەو شەفیعە بوو کە خودا بەڵێنی دابوو بینێرێتە جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگاربکات. شەفیعەکە وەك پێپلیکانەیە کەوا یاقوب بینی لەنێوان زەوی و ئاسماندا. ئەمەش ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان فێرمان دەکات کاتێ دەفەرموێ: چونکە خودا یەکە و یەک نێوانگر لەنێوان خودا و مرۆڤ دایە.... ئەوەی وەک قوربانی خۆی بۆ هەمووان بەختکرد... تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. (١ تیمۆساوس ٢: ٥، ٦ و یۆحەنا ٣: ١٦) ووشەی خودا لەسەر ئەم بابەتە ئاشکرایە: کەس نایاتە لای خودا تەنها لە ڕێگای ئەو شەفیعە پیرۆزەوە نەبێت کە خودا لە ئاسمانەوە ناردوویەتی.

ئێستاش، با بزانین چی ڕووی دا پاش ئەوەی یاقوب گەیشتە ماڵی خاڵی. ووشەی خودا دەفەرموێ: مرۆڤ چی بچێنێت، ئەوە دەدروێتەوە. (گەلاتیا ٦: ٧) پێشتر گوێمان لێ بوو چۆن یاقوب برا گەورەکەی هەڵخەڵەتاند. ئێستاش گوێمان لێ دەبێت چۆن خاڵی ئەو هەڵدەخەڵەتێنێ. ناوی خاڵی لابان بوو کە پیاوێکی فێڵباز بوو.

لە بەشی بیست و نۆ دەخوێنینەوە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ٢٩) ١٤ لابانیش پێی وت: (تۆ گۆشت و ئێسکی خۆمیت.) ئیتر مانگێک لای مایەوە. ١٥ ئینجا لابان بە یاقوبی وت: (هەر لەبەر ئەوەی کەسی خۆمیت، ئایا ئیتر بە خۆڕایی کارم بۆ دەکەیت؟ پێم بڵێ ئاخۆ کرێیەکەت چی بێت؟) ١٦ لابان دوو کچی هەبوو، گەورەکەیان ناوی (لێئە) بوو، بچووکەکەشیان ناوی ڕاحیل بوو. ١٧ چاوەکانی لێئە کز بوون، بەڵام ڕاحیل ناسک و جوان بوو. ١٨ یاقوب ڕاحیلی خۆش دەویست و وتی: (حەوت ساڵ کارت بۆ دەکەم بەرامبەر ڕاحیلی کچە بچکۆلەت.)

١٩ لابانیش وتی: (بیدەمە تۆ باشترە وەک لەوەی بیدەمە پیاوێکی دیکە. لێرە لەلای خۆم بمێنەوە.) ٢٠ ئیتر یاقوب لەبەر ڕاحیل حەوت ساڵ کاری کرد کە لای ئەو وەک چەند ڕۆژێکی کەم وابوو، لەبەر خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە ڕاحیل. ٢١ ئینجا یاقوب بە لابانی وت: (ژنەکەم بدەرێ چونکە ڕۆژانی خۆم تەواو بوو، دەشمەوێت بیگوێزمەوە.) ٢٢ لابانیش خەڵکی شوێنەکەی کۆکردەوە و ئاهەنگێکی ساز کرد. ٢٣ کە ئێوارە داهات، پەلی لێئەی کچی گرت و هێنای بۆ یاقوب. ئەویش لەگەڵی نووست. ٢٤ هەروەها لابان (زیلپە)ـی کەنیزەی خۆی کردە کەنیزەی لێئەی کچی. ٢٥ کە ڕۆژ بووەوە، لێئە لەوێ بوو! یاقوبیش بە لابانی وت: (ئەمە چییە بە منت کرد؟ مەگەر بۆ ڕاحیل نەبوو کە کارم بۆ کردیت؟ ئەی بۆ چی فێڵت لێکردم؟) ٢٦ لابانیش وتی: (ئەوە دابونەریتی ئێمە نییە لێرە کچە بچکۆلەکە پێش گەورەکە بە شوو بدەین. ٢٧ هەفتەی بووکێنی ئەم تەواو بکە، ئەوی دیکەشیانت دەدەینێ بەرامبەر بە حەوت ساڵی دیکەی کار، کە بۆ منی دەکەیت.) ٢٨ یاقوبیش وای کرد. حەفتەکەی لەگەل لێئە تەواو کرد، لابانیش ڕاحیلی کچی دایێ کە ببێت بە ژنی... ٣٠ یاقوب لەگەڵ ڕاحیلیشدا نووست، ئەو ڕاحیلی لە لێئە زیاتر خۆش دەویست. حەوت ساڵی دیکەش کاری بۆ لابان کرد.

بەم شێوەیە دەبینین چۆن لابان یاقوبی خوارزای هەڵخەڵەتاند. ئەوەی ڕووی دا شتێکی باش نەبوو، بەڵام دەتوانی دڵنیا بیت کە خودا دەستی هەبوو لەو شتانەی لە ژیانی یاقوب ڕووی دا و وابکات بە بەرژەوەندی یاقوب کۆتایی پێ بێت. لە کۆتاییدا، یاقوب بووە باوکی

دوازدە کوڕ. یاقوب بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ماڵی خاڵی ژیا. لەو بیست ساڵەدا، خودا بە خۆشەویستی خۆی، وای کرد کە یاقوب هەندێ تاقیکردنەوە بە ئازار ببڕێ، بۆ ئەوەی ڕاستەڕێی بکات و باوەڕی پاك بکاتەوە، وەك چۆن ئاگر زێڕ پاك دەکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت، ڕۆژێك هات و خودا بۆ یاقوب بەدەر کەوت و پێی فەرموو: بگەڕێوە بۆ زەوی باوکانت و بۆ لای کەسوکارەکەت، منیش لەگەڵت دەبم. (پەیدابوون ٣١: ٣) بۆیە یاقوب هەستا، و خۆی خڕ کردەوە و باری کرد، خۆی و خێزانەکەی. بەرەو خاکی کەنعان بەڕێ کەوتن — ئەو خاکەی خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەوەکانیان.

کاتێ یاقوب و خێزانەکەی لە ڕێگادابوون بەرەو کەنعان، خودا بۆ یاقوب بە دەرکەوت بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی و ناوی یاقوبی گۆڕی. گوێ بگرە نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێ لەبەشی سی و دوو.

(پەیدابوون ٣٢) [٢٤] ئیتر یاقوب هەر خۆی مایەوە، پیاوێکیش دەرکەوت و تاکو بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵدا کرد. [٢٥] کە بینی دەرەقەتی نایەت، لەلای سەرەوەی ئێسکی ڕانی دا و ڕانی یاقوب لە زۆرانبازیەکەدا لەجێ چوو. [٢٦] ئینجا فەرمووی: (بەرم بدە وا بەرەبەیان دەرکەوت.) یاقوبیش وتی: (بەرت نادەم ئەگەر بەرەکەتدارم نەکەیت.) [٢٧] پێی فەرموو: (ناوت چییە؟) ئەویش وتی: (یاقوب.) [٢٨] ئینجا پێی فەرموو: (لەمەودوا ئیتر ناوت بە یاقوب نابرێت، بەڵکو بە (ئیسرائیل) ، چونکە لەگەڵ خودا و پیاوان تێکۆشایت و سەر کەوتوویت.) [٢٩] یاقوبیش لێی پرسی: (ناوی خۆتم پێ بڵێ.) ئەویش فەرمووی: (بۆ چی پرسیار لە ناوم دەکەیت؟) ئیتر لەوێدا بەرەکەتداری کرد. [٣٠] ئیتر یاقوب ئەو شوێنەی ناو نا (پنیئێل) ، وتیشی: (چونکە ڕوو بە ڕوو خودام بینی و گیانیشم دەرباز بوو.)

ئەمە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەرە کە پڕە لە وانەی گرنگ. دەبینین خودا بۆ یاقوب بەدەردەکەوێ وەك پیاوێك و زۆرانبازی لەگەڵ دەکات. بۆچی زۆرانبازی لەگەڵ یاقوب کرد؟ لەبەر ئەوەی خودا ویستی یاقوب بێ توانایی خۆی بزانێ بەرامبەر ئەو. خودا ویستی یاقوب بزانێت کە هەموو هێزێکی ڕاستەقینە و دانایی تەنها لەلایەن خوداوە دێت! خودا پلانی سەرسوڕهێنەری هەبوو بۆ یاقوب، بەڵام باشترین بەرەکەتەکانی خودا تەنها بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە دەزانن ئەوان ناتوانن بە هێزی خۆیان خودا شاد بکەن. یاقوب دەستی بەزانینی بێ هێزی خۆی دەکرد بەرامبەر خودا. لەو شەوەدا، خودا ناوێکی دیکەی بە یاقوب بەخشی، کەوا ئیسرائیل بوو. ناوی یاقوب بەمانای ئەو کەسەی کە (هەڵدەخەڵەتێنێ) دێت. بەڵام ئیسرائیل بەمانای ئەو کەسەی لەگەڵ خودا (کۆڵنادات) دێت. ئیسرائیل دەبێتە ناوی ئەو نەوە نوێیەی کە خودا بەڵێنی بەهێنانی دابوو لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. وەك دەزانن، لە هەر دوازدە کوڕەکەی یاقوبەوە بوو نەوەی ئیسرائیل هەڵساوە. وە لەنێو گەلی ئیسرائیلەوە بوو کە ڕزگاری دەرەکە هاتە جیهانەوە.

ڕەنگە کەسێك بپرسێ: بۆچی خودا کەسێکی هەڵخەڵەتێنەری وەك یاقوبی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکات بە باوکی گەلێکی نوێ کە ڕزگاری دەری جیهانی لێوە دێنێتە جیهانەوە؟ بخوێنەوە لە وەڵامی نووسراوە پیرۆزەکان: خوداش گێلەکانی جیهانی هەڵبژارد تاکو داناکان شەرمەزار بکات، خودا لاوازی جیهانی هەڵبژارد تاکو بەهێزەکان شەرمەزار بکات. خودا پایەنزمەکانی جیهان و ڕق لێبۆوە و شتە نەبووەکانی هەڵبژارد، بۆ پووچەڵکردنەوەی شتە هەبووەکان، تاکو هیچ مرۆڤێک لەبەردەم خودا شانازی نەکات. (١ کورنسۆس ١: ٢٧-٢٩)

یاقوب هەڵخەڵەتێنەر بوو. هیچ ڕێگایێك نەبوو بە هێزی خۆی خودا شاد بکات. هیچ شتێکی باش لەودا نەبوو، تەنها یەك شت نەبێت: یاقوب باوەڕی بە خودا هەبوو. یاقوب بایەخی بۆ بەڵێنی خودا دانا. وەرگرتنی بەرەکەتی خودا گرنگتر بوو لای یاقوب لە هەموو شتێکی ئەم جیهانە. بۆیە خودا خۆی بۆ ئاشکرا کرد و پیرۆزی کرد. خودا، لە مەبەستە تاهەتاییەکانی، دڵی یاقوبی گۆڕی، کە هەڵخەڵەتێنەر بوو، و کردی بە ئیسرائیل، پیاوی خودا.

ئەی تۆ گوێگری بەڕێز؟ وەك یاقوب، بێ توانایی خۆت لە ڕازی کردنی خودا دەناسی؟ گوێ بگرە ووشەی خودا چی دەفەرموێ سەبارەت بەمە. دەفەرموێ: خۆزگە دەخوازرێ بە ڕۆح هەژاران، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە. (مەتا ٥: ٣) خودا بەرهەڵستی

لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە ڕۆحسووکەکان. بۆیە لە ژێر دەستی بە توانای خودا ڕۆحسووک بن، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە. (١ پەترۆس ٥: ٥، ٦)

خودا بە بەرەکەتت بکات. لەگەڵ ئەم ئایەتەی ووشەی خودا ماڵ ئاواییمان لێ دەکەین:

بۆیە خوداوەند چاوەڕێ دەکات، تا میهرەبان بێت لەگەڵتان بۆیە هەڵدەستێت، تا بەزەیی پێتاندا بێتەوە. چونکە خودای دادپەروەرییە خوداوەند خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن! (ئیشایا ٣٠: ١٨)

---



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. یاقوب لە خەوەکەیدا چی بینی؟

٢. بۆچی زۆرانبازی لەگەڵ یاقوب کرد؟

٣. بۆچی خودا کەسێکی هەڵخەڵەتێنەری وەك یاقوبی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکات بە باوکی گەلێکی نوێ کە ڕزگاری دەری جیهانی لێوە دێنێتە جیهانەوە؟

٤. ئەی تۆ وەك یاقوب، بێ توانایی خۆت لە ڕازی کردنی خودا دەناسی؟

٥. بۆچی خوداوەند ناوی یاقوبی پێغەمبەری نا بە ئیسرایێل؟

٦. بۆچی یاپوب لە کاتی زۆرانبازیازی کرد لە گەل خوداوەند بەری نەدا؟ داواکاریکەی چی بوو؟

ێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org